# بەشی دووەم: خەسڵەتەکانی کولتوور

د.نادیە ولی جبار

## کولتوور و خەسڵەتەکانی

- # پیناسە و ناساندنی کولتوور

- کولتوور دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی- مێژووییە ، بۆیە دیاردەیەکی تابلێی گەورە و ئاڵۆز و کاریگەرە ؛ کولتوور پێش هەموو شتێک کۆمەڵایەتییە ، چونکە کۆمەڵگا و کولتوور هەمیشە پێکەوە دروست دەبن ، هیچ یەکێکیان بێ ئەویتر نابێ – هەر کۆمەلبوونێکی مرۆیی کولتووری تایبەت بەخۆی نەبێ ، بنیادی کۆمەڵایەتیی نابێ و ، کەواتە ، نابێ بە کۆمەڵگا . لێرەشەوەیە کە کولتوور دیاردەیەکی مێژووییشە ، واتە مێژوویەکی هاوبەشی لەگەڵ کۆمەڵگادا هەیە ؛ هەروەها لەم رووەشەوە مێژووییە کە هەر قۆناغێکی مێژوویی شێوازی (Typ) کولتووری خۆی هەیە – بەگوتەیەکی تر ، کولتوور هەمیشە شەقڵ و سیمای قۆناغە مێژووییەکانی پێوە دیارن .

- ئەگەرچی کولتوور یەکێکە لەو چەمکانەی زێترین پێناسەی هەیە ، بەڵام ئەم پێناسەیەی ، رەنگە ، گونجاوترینیان بێت : کولتوور بریتییە لە هەموو ئەو دەسکەوت و داهێنانە ماددی و مەعنەوییانەی کە لە ماوەی هەموو مێژووی کۆمەڵگادا وەدەست هاتوون و بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی رۆژانە بەکاردێن . لەم پێناسەیەدا دەردەکەوێت کە کولتوور ژیانی رۆژانەی ئەندامانی کۆمەڵگا بەرێوەدەبات ، واتە شێوازی ژیانی ئەو خەڵکە دیاریدەکات ؛ ئێمە و هەر کۆمەڵگایەکی تریش بە کولتوورەوە دەژین : توخمە ماددییەکانی کولتوور ، وەکو – خۆراک ، جلوبەرگ ، خانوو ، کەلوپەلی ناوماڵ ، ئامێرەکانی کارپێکردن ، ئامێرەکانی مۆسیقا ، چەک ، خشڵ و کەلوپەلی رازاندنەوە ، شێواز و ئامێرەکانی گواستنەوە

## توخمە کولتووریەکان

- کولتوور بەرهەمێکی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا مرۆییەکانە، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگا هەیە و، چۆنیەتی و شێوازی بەڕێوەچوونی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ دەستنیشان و ڕێکدەخات. ئەم کولتوورە لەچەند ڕەگەزێکی پێکهێنەری ماددی و مەعنەوی پێکهاتووە، کە هەریەکەیان بەجۆرێک بەیەکەوە بەستراون و ئەڵقاو ئەڵق پەیوەستن بەیەکترەوە.

- دەتوانین بڵێین هەموو ئەوشتە ماددییانەی لە ژیانی ڕۆژانەدا تاکەکانی کۆمەڵگە بەکاریان دێنن، ئەوا بە توخمە ماددییەکان لەقەڵەم دەدرێن وەک کەلووپەلی ناو ماڵ، جلووبەرگ، کەلووپەلی خۆ رازاندنەوە، چەک و تەقەمەنی، گۆڕستان...هتد. هەروەها توخمە نامادییەکان یان مەعنەوییەکان هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە ڕۆحین وەک زمان، بەهاکان، ئایین، دابوونەریت، هونەر، چیرۆک و ئەفسان، سیحر و جادوو، بیروباوەڕ و عورفی کۆمەڵگە.

- کولتوورە لە کۆمەڵگەیەک بۆ کۆمەڵگەیەکی تر و لە ناوچەیەکەوە بۆ یەکی تر جیاوازی هەیە، لەگەڵا ئەوەشدا توخمە پێکهێنەرەکانی دەشێ لە ناوچەیەکەوە بۆ یەکی تر هاوبەش بن. هەروەها ڕەنگە ئەو توخمانە بەهۆی سیفەتی بڵاوبوونەوە لە شوێنێکەوە بۆ یەکی تر گوازرابنەوە و، بە تێپەڕبوونی کات ئەو توخمە کولتوورییە گوازراوانە شوێنی توخمی کولتووری دیکە بگرنەوە و توخمە کۆنەکان لە ناوبچێت و توخمی کولتووری نوێ بێنە شوێنیان.

- ئەگەرچی شار و لادێ تارادەیەکی زۆر دوو ناوچەی جیاوازن، هەم لە رووی ئیداری و هەمیش لەرووی کۆمەڵایەتی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەحوکمی ڕاگواستن و کۆچکردنی لادێ نشینان بۆ شارەکان (بە هۆی هەر هۆکارێکەوە بێت)، ئەوا جۆرێک لە تێکەڵاوبوون لە نێوان ووردە کولتوورەکانی ئەو دوو ناوچەیەدا دروستبوون، کە ئەمەش فاکتەرێکبووە بۆ فۆرمەلەبوون و پێکهاتنی چەند رەگەزێکی هاوبەش لەنێوان شار و لادێ.

- ***توخمە کولتوورییە هاوبەشەکانی نێوان شار و لادێ***

- کولتوور یەکێکە لە بابەتە ئاڵۆز و تێکچڕژاوەکان، کە زۆربەی بوارە مەعریفییەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکانی سەرقاڵکردووە. ئەوە کولتوورە کە توانایی بە مرۆڤ دەبەخشێت تاوەکو بیر لە خودی خۆی بکاتەوە. کولتوورە وادەکات مرۆڤ پابەندی بەهاکان و دەروەستەی (الالتزام) ئەخلاق ببێت، هەروەها کولتوور ئەوە دیاریدەکات کە پێویستە خێزان چ پێکهاتەیەکی هەبێت، پیاوێک دەتوانێت چەند ژن بهێنێت.

**لێرەدا هەوڵدەدرێت توخمە کولتوورییە ماددییە هاوبەشەکانی نێوان شاری هەولێر و لادێکانی دەوروبوری دەستنیشان بکرێن.**

**یەکەم: توخمە ماددییەکان:**

- 1. خۆراک:

خۆراک هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە تاکەکان لە ژەمەکانی نانخواردندا دەیانخۆن لەگەڵ هەموو ئەو ئامرازانەی بۆ رازاندنەوەی سەرخوان و تیدا ساردکردنەوە و قاپ و قاچاخ و کەوچک بەکاردێن، دەگرێتەوە. خۆراکخواردن یەکێکە لە پێداویستییە سەرەکییەکانی مرۆڤ و هەموومرۆڤێک خواردن دەخوات، بەڵام ئەوەی لەیەکتریان جیادەکاتەوە جۆر و شێوازی نانخواردن و ئەو ئامرازانەیە کە لەکاتی نانخواردندا بەکاردێن. ئەمەیە کە تاکەکانی کۆمەڵگەیەک لەویتر جیادەکاتەوە و لە چوارچێوەی لایەنی مادی کولتووردا حسێب دەکرێت.

کەواتە یەکێک لە توخمە ماددییەکانی کولتوور خۆراکە، ئێستا زۆربەی ئەو خۆراکەی لە شار و لادێ چاک دەکرێت و لێ دەنرێت، تا رادەیەکی زۆر هاوشێوەی یەکترین. ئەگەر جاران لە لادێ جۆرێکی تایبەتی خواردن دروست دەکرا، لە حاڵی حازردا گۆڕانی بەسەرداهاتووە، ئینجا لەبەر ئەو لێک نزیکییە و تێکەڵاوییەی لە نێوان شار و لادێدا هەیە، ئەوا زۆربەی خواردنەکان هەمان شتن کە لە شار و لادێ دەخورێت.

**2- خانوو:**

کەلووپەلی ناوماڵ رازاندنەوە، کەلووپەلی خانوو دروستکردن و دیزاینی ناوە و دەرەوەی خانوو دەگرێتەوە. یەکێک لە توخمە ماددییە بەرچاوەکان کە لە نێوان شار و لادێدا هاوبەشە، خانووە. هەنووکە ئەو کەرەستانەی بۆ دروستکردنی خانوو لە نێو شاردا بەکاردێن بەشێوەیەکی رێژەیی هەمان ئەو کەرەستانەن کە لە لادێدا بەکاردێن. دەشێ ئەمەش بۆ ئەوە بگەرێتەوە کە رێگە و بانەکان نزیکتربوون و پەیوەندی نێوان شار و گوندەکانی توندوتۆڵتر کردووە. ئەم نزیکایەتییە وایکردووە هاوشێوەییەک لەم توخمە کولتوورییەدا هەبێت.

**3- جلوبەرگ:**

جلوبەرگ بە رەگەزێکی تری کولتووریی دادەنرێت. هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە وەک کەلووپەلی خۆ پۆشین و رازاندنەوە بەکاردێن، دەگرێتەوە. ئێستا بەحوکمی بوونی هاتووچۆ لە نێوان لادێ و شار، ئەوا جۆرێک لە هاوشێوەیی لە نێوان جلوبەرگی شار و لادێدا بوونی هەیە. ئەگەر ژنی گوندی جاران تەنیا جلی کوردی لەبەر دەکرد، ئەوا ئێستا بەحوکمی تێکەڵاوبوونیان لەگەڵ شار، ئەوانیش فێربوون کە جلوبەرگی شاری لەبەر بکەن. سەبارەت بە پیاوانیش، ئەگەر جاران سەروجەمەدانی و جلی کوردی پیاوانیان بە بەردەوامی لەبەر دەکرد، ئەوا ئێستا جلوبەرگی شاری لەبەر دەکەن، هەروەها بەزۆری سەروجەمەدانیش دانانێن.